# دیدار لەگەڵ فەرهــاد شــاكەلی

ئامادەكردنی: عەلی نارێنی

هەنار، ژمارە: 13، ساڵی دووەم، فیبریوەری 2007، لاپەڕە: 59 – 81



لە نێوەندەكانی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی كوردیدا هەندێک پرسیار هەن بەردەوام دووبارە دەبنەوە. ئەگەرچی وەڵامی جۆراوجۆریش هەیە بۆ ئەو پرسیارانە، بەڵام تا ئێستاش یەكلا نەبوونەتەوە. لەوانە: دوای گۆرانی شاعیر كێ یەكەم هەنگاوی تازەبوونەوەی لە ئەدەبی كوردیدا نا؟ ئایا ئەو هەنگاوانەی لە سەرەتای هەفتاكانی ئەدەبی كوردیدا نران، هەنگاوی پتەو و جێگیر بوون و توانییان ئێستاش بخەنە ژێر ڕكێف و كاریگەریی خۆیانەوە، یاخود تەنها كەفوكوڵی كاتی بوون و هەر زوو لە بازنەكەی خۆیاندا پووكانەوە؟ ئایا گرووپی گەرمیان (كفری) پێشەنگی ئەو كاروانە بوو یان ڕوانگەییەكان؟
دەمێک بوو ئەو پرسیارانە لە مێشكمدا دەخولانەوە و وەڵامیان لێ دەویستم و منیش هەمیشە زیاتر دەگەڕام بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەكانی خودی خۆم. لە چەند مانگی ڕابوردوودا فەرهاد شاكەلی گەورە شاعیر و زمانەوان، بە سەردانێک لە وڵاتی سوێدەوە گەڕایەوە گەرمیانی كاكی بە كاكی لە باشووری كوردستان و ئێوارەی ڕۆژی 18-8-2006 لە شارۆچكەی ڕزگاری كۆڕێكی بۆ ڕێک خرابوو لەژێر ناونیشانی (لە گەرمیانەوە تا كەنارەكانی شارستانەتی). منیش بە خۆشحاڵییەوە ئامادەی كۆڕەكە بووم. هەر لەو سارەوەختەدا بیرم كەوتەوە كە ئەم پیاوە ئەو كەسەیە كە هەر كاتێک باس لە قۆناغی هەفتاكانی ئەدەبی كوردی و تازەبوونەوە لە ئەدەبدا كرا، ناوی ڕوانگەییەكان لە لایەک و ناوی ئەم و لەتیف هەڵمەتیش لە لایەكی ترەوە دێتە ناوەوە. بۆیە بە هەلم زانی كە بیدوێنم و داوای وەڵامی ئەو پرسیارانەی لێ بكەم. دوای تەواوبوونی كۆڕەكە پێم وت: ئەكرێ لەو بارەوە گفتوگۆیەک بكەین؟ وتی: بەڵی، سبەینێ و كات و جێگهایشی بۆ دیاری كردم.

